Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C13

# ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل لە ئیدارەی گەرمیان

**شاد حمید مجد، احمد رفيق كريم**

بەشی جوگرافیا، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان-سیدصادق، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

| Article Info | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |
| **Keywords** | |
| ڕێگای ئۆتۆمبێل، ئیدارەی گەرمیان | |

**Corresponding Author**

Shad.rasul@univsul.edu.iq
Ahmed.karim@univsul.edu.iq

**پوختە:**

سەرەکترین هۆکاری گواستنەوەی ناوخۆی وڵاتانی جیهان تاوەکو ڕۆژگاری ئەمرۆ ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلە، هۆکاری ئەمەش بۆ سادەی و ئاسانی بەکارهێنان و زوو وەڵامدانەوە ...هتد دەگەڕێتەوە، تەنانەت لە هەندێك ناوچە تاوەکو ئێستا تەنها هۆکاری گواستنەوەیتی وەك ئیدارەی گەرمیان لەگەڵ ئەوەی ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگی هەیە لە ناوچەکەدا بەڵام تاکو ئێستا تەنها هۆکاری گواستنەوەی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلە بە جۆرە جیاوازەکانییەوە هەربۆیە ئامانج لەم توێژینەوەی دەرخستنی شێوازی دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلە لە ناوچەکەدا بۆ ئەم مەبەستە متێۆدی بەراوردکاری و شیکاری بەکاردێنین و توێژینەوەکەش دابەشی پێنج باسی سەرەکی دەکەین باسی یەکەم بریتییە لە شێوازی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و باسی دووەم بریتییە لە دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لەسەر ئاستی قەزا لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا و باسی سێیەم بریتییە لە دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەپێی ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکان (قەزا) لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا و باسی چوارەم بریتییە لە دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەپێی ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکان (قەزا) لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا و باسی پێنجەم بریتییە لە دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل تۆبۆگرافیا، کە لەم ڕێگەیەوە توێژەران دەگەنە ئەنجامی ئەوەی شێوازی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەپێی ستانداری عێراق نین و بەشێوەیەکی هاوسەنگ دابەشنەبوون لە ناوچەکەدا بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکرێت گرنگی بدرێت بە کوالێتی ڕێگاکان تاوەکو هاوشێوەی ستانداری دروستکردنی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بن.

## پێشەکی:

ئیدارەی گەرمیان یەکێکە لە ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتە کارگێڕیەکەی ناوەکو ڕۆژگاری ئەمرۆ کێشەی لەسەرە لە نێوان هەردوو حکومەتدا[1] بێگومان ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنە مرۆییەکان و پێکهاتەی ئاوەدانی ناوچەکە، یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی هەر ناوچەیەکیش بریتییە لە ڕێگاکانی گواستنەوە، ناوچەی لێکۆڵینەوە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمرۆ تەنها هۆکاری گوستنەوەی بریتییە لە ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل. لەم سۆنگەیەوە بەگرنگمانزانی دابەشبوونی جوگرافی شێوازەکانی ئەم ڕێگایانە بخەینەڕوو.

## گرنگی توێژینەوەکە

ناوچەی توێژینەوە یەکێکە لە ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق کە چەندین مەرزی فەرمی و نافەرمی تێدایە و تەنها هۆکاری گواستنەوە لەم مەرزانە ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلە بۆیە بۆتە دەروازەیەکی ئابووری باش بۆ ناوچەکە.

## متێۆدی توێژینەوەکە

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە پشتمان بە میتۆدی (شیکاری و بەراوردکاری) بەستووە. لەسەر بنەمای زانیارییەکان پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکەوە کە لەسەرچاوەی جیاوازەوە وەریگیراون.

## کێشەی توێژینەوەکە:

لە گرنگترین ئەو کێشانەی کە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە هەیە:

1-ئایا ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل لەگەڵ شێوازەکانی سیستمی ڕێگاکانی عێراقدا دەگونجێت؟

[1] تاوەکو ئێستا قەزای خانەقین دوو ناحیەی بەفەرمی سەر بە ئیدارەی گەرمیانە بەڵام ناوەندی قەزاکە و ناحیەی سەعدیە و جەلەولا بەشێکە لە ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

2-ئایا ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەشێوەیەکی هاوسەنگ دابەشبووە بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەدا؟

## گریمانەی توێژینەوەکە

گریمانەی توێژینەوەکە بریتییە لە:

1-ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لەگەڵ سیستمی ڕێگاکانی وولاتی عێراق ناگونجێت.

2-دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل هاوسەنگ نییە لە نێوان بەشە جیاوازەکانی ناوچەکەدا.

## چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە


توێژینەوەکەمان باس لە ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل دەکات لە ساڵی 2023دا.

## چوارچێوەی شوێنی توێژینەوە

شوێنی توێژینەوەکە بریتیە لە ئیدارەی گەرمیان، کە ئیدارەیەکی سەربەخۆیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەم ئیدارەی پیکهاتووە لە سێ قەزا ئەوانیش (کفری و کەلار و خانەقین) لە (11) ناحیە پێکهاتووە، ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵی 2023ی بریتییە لە (330530)کەس و ڕوبەری ناوچەکە (6058.07)کم چوارگۆشەیە. سنوری ئەم ئیدارەیە لە باکوری خۆرهەڵاتەوە پارێزگای هەڵەبجەیە و لە باکورەوە پارێزگای سلێمانی و لە باکوری خۆرئاواوە پارێزگای کەرکوك و لە خۆرئاواوە پارێزگای صەڵاحەدین و لە باشوری خۆرئاوا و باشورەوە پارێزگای دیالە و لە خۆرهەڵاتەوە وڵاتی ئێرانە. ئەگەر تێبینی بکەین ئەم ئیدارەیە سنورێکی جۆراوجۆری هەیە دەبێتە سێ بەش (سنوری نێودەوڵەتی و سنور لەگەڵ پارێزگانی تری هەرێمی کوردستان و سنور لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراق). نەخشەی (1).


سنوری ئەسترۆتۆمی بریتییە لە هێڵەکانی درێژی (49" 25' 34° - 28" 11' 35°)باکور و بازنەکانی پانی (40" 30' 44° - 59" 47' 45°)خۆرهەڵات. بڕوانە نەخشەی (2).

نەخشەی (1) شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق



سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بە: حکومەتی هرێمی کوردستان،وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی سلێمانی، بەشی GIS ، داتای بڵاونەکراوە.

نەخشەی (2) شوێنی ئەسترۆنۆمی و جوگرافی یەکە کارگێڕییەکانی  ئیدارەی گەرمیان




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بە: حکومەتی هرێمی کوردستان،وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی سلێمانی، بەشی GIS ، داتای بڵاونەکراوە.

## پلانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ دوو بەشی سەرەکی ئەوانیش باسی یەکەم بریتییە لە شێوازی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و باسی دووەم بریتییە لە دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لەسەر ئاستی قەزا لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا و باسی سێیەم بریتییە لە دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەپێی ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکان (قەزا) لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا و باسی چوارەم بریتییە لە دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەپێی ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکان (قەزا) لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا و باسی پێنجەم بریتییە لە دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل تۆبۆگرافیا لە پاشدا گەیشتوین بە چەند دەرئەنجام و پێشنیارێك.

## باسی یەکەم: شێوازی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

ناوچەی لێکۆڵینەوە کە بەشێکە لە وڵاتی عێراق، ئەم وڵاتە سیستمێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ شێوازی دابەشکردنی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگاکانی ناوچەکە بەهەمان شێواز دابەش دەکەین کە بریتین لە:

1-ڕێگای خێرا: تاوەکو ساڵی 2023 ئەم جۆرە ڕێگایە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بوونی نییە (ئەم جۆرە ڕێگایە تەنها لە ناوەڕاست و باشوری عێراق دروستکراون بۆ بەستەوەی بەغداد بە وڵاتانی دراوسێ).

2-ڕێگای سەرەکی: بەبڕبڕەی پشتی تۆڕی ڕێگای نێودەوڵەتی دادەنرێت دەبێتە هۆی بەستنەوەی هەرێمەکانی ووڵاتێك بەیەکتری و بەوڵاتانی دراوسێیەوە، ئەم جۆرە ڕێگایە دەبێتە هۆی بەستنەوەی مەڵبەندی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری، کە لە مەڵبەندی پارێزگاکەوە دەردەچێت بەرەو شوێنەکانی تر پانییەکەی (30)م بەبەربەستی ناوەندەکەیەوە و خێرای تیادا (100)کم/کاتژمێرە.

لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بریتیە لەو ڕێگا سەرەکیانەی کەسەنتەری ئیدارەی گەرمیان دەبەستێتەوە بە پارێزگا و سنوری نێودەوڵەتییەوە کە لە هەر چوار ئاڕاستەکەوە درێژ دەبێتەوە لە باکورەوە ڕێگای (کەلار- سلێمانی) و لە خۆرئاواوە ڕێگای (کەلار-کفری-کەرکوك) لە باشورەوە ڕێگای (کەلار-جەلەولا) لە خۆرهەڵاتەوە ڕێگاکە دەبێ بە دوو بەشەوە (کەلار-پەروێزخان) و (کەلار-خانەقین) خشتەی (1). کۆی درێژی ئەم ڕێگایانە دەکاتە (198)کم و ڕێژەی (14.6%) ڕێگاکانی ئیدارەی گەرمیان پێکدێنێت. ئەم ڕێگایانە هیچ کامیان لەگەڵ ستانداردی عێراق ناگونجێت چونکە سەرجەمیان یەك سایدن (بەنها لە چەند شوێنێکی کەمدا نەبێت ڕێگاکان کراون بە دووساید تائێستا بەشی زۆری ڕێگا سەرەکییەکان یەك سایدن) لە کاتێکدا ڕێگای سەرەکی بەپێی ستانداری عێراق ئەبێت دوو ساید بێت.

ئەم جۆرەی ڕێگا درێژی و ڕێژەکەی جیاوازە لە قەزاکانی ئیدارەی گەرمیان وەك لە خشتەی (2) و نەخشەی (3)دا دیارە بەم شێوەیە:

أ-زۆرترین بڕ دەکەوێتە قەزای کەلار بەبڕی (87)کم و ڕێژەی (43.9%)کۆی ڕێگاکانی ئیدارەی گەرمیان پێکدێنێت، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم ڕێگایە سەنتەری ئیدارەی گەرمیان دەبەستێتەوە بە ناوچەکانی دەوروبەری چ لە ناو ئیدارەکەد بێت یاخود بۆ دەرەوەی ئیدارەکە.

ب-بە پلەی دووەم قەزای کفری دێت بەبڕی (60)کم و ڕێژەی (30.3%)کۆی ڕێگاکانی ئیدارەی گەرمیان پێکدێنێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەی ڕووبەری ئەم قەزایە.

ج-بە پلەی سێیەم قەزای خانەقین دێت بەبڕی (51)کم و ڕێژەی (25.8%)کۆی ڕێگاکانی ئیدارەی گەرمیان پێکدێنێت، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم قەزایە تەنها دوو ناحیەی لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەدایە سەنتەری قەزاکە ناکەوێتە سنوری ناوچەکەمان. شێوەی (1).

3-ڕێگای لاوەکی: بریتییە لەو ڕێگایانەی کە ڕێگا سەرەکییەکان دەبەستێتەوە بەو قەزاو ناحیانەی کە دەکەونە ئەملاو لای ڕێگا سەرەکییەکانەوە ئەم جۆرە ڕێگایانە بەوە دەناسرێتەوە کە لق و پۆپی لێ دەبێتەوە بۆ خزمەتکردنی دەڤەری قەزاکان و مەڵبەندە کشتوکاڵی و شوێنە مێژووی و گەشتیارییەکات. بڕی تێچووی دروستکردنی ئەم جۆرە ڕێگایە کەمترە بەراورد لەگەڵ ڕێگاکانی پێشوو لە ڕووی فراوانی و ئەستووری چینی سەرەوە و خوارەوەی ڕێگاکە. کۆی درێژی ئەم ڕێگایانە دەکاتە (329)کم و ڕێژەی (24.2%) ڕێگاکانی ئیدارەی گەرمیان پێکدێنێت. ئەم جۆرەی ڕێگا درێژی و ڕێژەکەی جیاوازە لە قەزاکانی ئیدارەی گەرمیان بەم شێوەیە:

أ-زۆرترین بڕ دەکەوێتە قەزای کفری بەبڕی (152)کم و ڕێژەی (46.3%)کۆی ڕێگاکانی ئیدارەی گەرمیان پێکدێنێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەی ڕووبەری ئەم قەزایە.

ب-بە پلەی دووەم قەزای خانەقین دێت بەبڕی (145)کم و ڕێژەی (44%)کۆی ڕێگاکانی ئیدارەی گەرمیان پێکدێنێت،کە بڕەکەی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ قەزای کفری .

ج-بە پلەی سێیەم قەزای کەلار دێت بەبڕی (32)کم و ڕێژەی (9.7%)کۆی ڕێگاکانی ئیدارەی گەرمیان پێکدێنێت.


3-ڕێگای کشتوکاڵی: کۆی درێژی ئەم ڕێگایانە دەکاتە (830)کم و ڕێژەی (24.2%) ڕێگاکانی ئیدارەی گەرمیان پێکدێنێت. ئەم جۆرەی ڕێگا درێژی و ڕێژەکەی جیاوازە لە قەزاکانی ئیدارەی گەرمیان بەم شێوەیە:

أ-زۆرترین بڕ دەکەوێتە قەزای کفری بەبڕی (398)کم و ڕێژەی (48%)کۆی ڕێگاکانی ئیدارەی گەرمیان پێکدێنێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەی ڕووبەری ئەم قەزایە.

ب-بە پلەی دووەم قەزای کەلار دێت بەبڕی (272)کم و ڕێژەی (32.8%)کۆی ڕێگاکانی ئیدارەی گەرمیان پێکدێنێت،کە بڕەکەی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ قەزای کفری .

ج-بە پلەی سێیەم قەزای خانەقین دێت بەبڕی (160)کم و ڕێژەی (19.2%)کۆی ڕێگاکانی ئیدارەی گەرمیان پێکدێنێت.

نەخشەی (3) جۆرەکانی ڕێگای ئۆتۆمبێل لە ئیدارەی گەرمیان




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بە: حکومەتی هرێمی کوردستان،وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی سلێمانی، بەشی GIS ، داتای بڵاونەکراوە.

خشتەی (1) ڕێگا سەرەکی لە ئیدارەی گەرمیان

| ژ | ناوی ڕێگا | درێژی / کم[2] |
|---|---|---|
| 1 | کەلار – سلێمانی | 51 |
| 2 | کەلار – پەرویزخان | 37 |
| 3 | کەلار – جلەولا | 22 |
| 4 | کەلار – خانەقین | 16 |
| 5 | کەلار-کفری-کەرکوك | 72 |
| سەرجەم | | 198 |


سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: نەخشەی (3).

خشتەی (2) درێژی و ڕێژەی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ئیدارەی گەرمیان

| قەزا | سەرەکی | ڕێژە(%) | لاوەکی | ڕێژە(%) | کشتوکاڵی | ڕێژە(%) | کۆ | ڕێژە(%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەلار | 87 | 43.9 | 32 | 9.7 | 272 | 32.8 | 391 | 28.8 |
| کفری | 60 | 30.3 | 152 | 46.3 | 398 | 48 | 610 | 45 |
| خانەقین | 51 | 25.8 | 145 | 44 | 160 | 19.2 | 356 | 26.2 |
| سەرجەم | 198 | 100 | 329 | 100 | 830 | 100 | 1357 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: نەخشەی (3).

شێوەی (2) ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە یەکە کارگێڕییەکانی ئیدارەی گەرمیان




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە خشتەی (2).

لە کۆتایدا دەگەینە چەند ئەنجامێك:

1-ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ئیدارەی گەرمیان لە شێوازی ڕێگاکان ئۆتۆمبێل بەپێی سیستمی عێراقی پێکدێت ئەویش ڕێگای سەرەکی و لاوەکی و کشتوکاڵی-یە کۆی درێژی ئەم ڕێگایانە (1357)کم.

2-ڕێگای ئۆتۆمبێل بەپێی ئەم دابەشبوونەوە کۆی درێژی ڕێگای ئۆتۆمبێل لە جۆری ڕێگای سەرەکی (198)کم و کۆی درێژی ڕێگای ئۆتۆمبێل لە جۆری ڕێگای لاوەکی (329)کم و کۆی درێژی ڕێگای ئۆتۆمبێل لە جۆری ڕێگای کشتوکاڵی (830)کم.

3-زۆرترین ڕێژەی ڕێگای ئۆتۆمبێل لە جۆری ڕێگای کشتوکاڵییە بە ڕێژەی (61.2%) بە پلەی دووەم ڕێکای لاوەکی دێت بە ڕێژەی (24.2%) بە پلەی سێیەم ڕێگای سەرەکی دێت بەڕێژەی (14.6%).

## باسی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لەسەر ئاستی قەزا لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا

گرنگترین خستنەڕووی توێژینەوە جوگرافییەکان دابەشبوونی جوگرافییە لەم باسەدا مەبەستمانە تیشك بخەینە سەر دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لەسەر ئاستی قەزاکان. وەك لە خشتەی (3)دا دیارە:

1-قەزای کەلار

[2] ئەم درێژییە تەنها مەبەستی ئەو بەشەی ڕێگاکەیە کە دەکەوێتە ئیدارەی گەرمیانەوە.

بریتییە لە سەنتەری ئیدارەی گەرمیان کە لە ناحیەکانی (ناوەندی قەزای کەلار، پێباز، رزگاری، شێخ تەوێل) پێکهاتووە، رووبەری قەزاکە بریتتیە لە (1684.6) و ژمارەی دانیشتوانی (245504)کەسە، سەبارەت بە دابەشبوونی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل کۆی درێژی ڕێگاکان لەم قەزایەدا (391)کم کە بەشێوازی جیاواز دابەشدەبن زۆرترین ڕێگا لەم قەزایەدا بریتییە لەڕێگای کشتوکاڵی درێژییەکەی (272)کم ڕێژەی (59.6%)ی قەزاکە پێکدەهێنێت بە پلەی دووەم ڕێگای سەرەکییە بەبڕی (87)کم و ڕێژەی (22.2%)ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل و بە پلەی سێیەم ڕێگای لاوەکی دێت بەبڕی (32)کم و ڕێژەی (8.2%) ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل.

2-قەزای کفری:

بریتییە لە گەورەترین قەزای ئیدارەی گەرمیان کە لە ناحیەکانی (ناوەندی قەزای کفری، کۆکس، سەرقەڵا، ئاوەسپی، نەوجوڵ) پێکهاتووە، رووبەری قەزاکە بریتییە لە (2877.6) و ژمارەی دانیشتوانی (67413)کەسە، سەبارەت بە دابەشبوونی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل کۆی درێژی ڕێگاکان لەم قەزایەدا (610)کم کە بەشێوازی جیاواز دابەشدەبن زۆرترین ڕێگا لەم قەزایەدا بریتییە لەڕێگای کشتوکاڵی درێژییەکەی (398)کم ڕێژەی (65.3%)ی قەزاکە پێکدەهێنێت بە پلەی دووەم ڕێگای لاوەکییە بەبڕی (152)کم و ڕێژەی (24.9%)ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل و بە پلەی سێیەم ڕێگای سەرەکی دێت بەبڕی (60)کم و ڕێژەی (9.8%) ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل.

3-قەزای خانەقین:

بریتییە لە بچوکترین قەزای ئیدارەی گەرمیان کە لە ناحیەکانی (قۆرەتوو، مەیدان)* پێکهاتووە، رووبەری قەزاکە بریتتیە لە (1437.9) و ژمارەی دانیشتوانی (17613)کەسە، سەبارەت بە دابەشبوونی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل کۆی درێژی ڕێگاکان لەم قەزایەدا (356)کم کە بەشێوازی جیاواز دابەشدەبن زۆرترین ڕێگا لەم قەزایەدا بریتییە لەڕێگای کشتوکاڵی درێژییەکەی (160)کم ڕێژەی (45%)ی قەزاکە پێکدەهێنێت بە پلەی دووەم ڕێگای لاوەکییە بەبڕی (145)کم و ڕێژەی (40.7%)ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل و بە پلەی سێیەم ڕێگای سەرەکی دێت بەبڕی (51)کم و ڕێژەی (14.3%) ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل.

خشتەی (3) درێژی و ڕێژەی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لەسەر ئاستی قەزا لە یەکە کارگێڕییەکانی ئیدارەی گەرمیان

| قەزا | سەرەکی | ڕێژە(%) | لاوەکی | ڕێژە(%) | کشتوکاڵی | ڕێژە(%) | کۆ | ڕێژە(%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەلار | 87 | 22.2 | 32 | 8.2 | 272 | 59.6 | 391 | 100 |
| کفری | 60 | 9.8 | 152 | 24.9 | 398 | 65.3 | 610 | 100 |
| خانەقین | 51 | 14.3 | 145 | 40.7 | 160 | 45 | 356 | 100 |
| سەرجەم | 198 | 14.6 | 329 | 24.2 | 830 | 61.2 | 1357 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: نەخشەی (3).

## باسی سێیەم: دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەپێی رووبەری یەکە کارگێڕییەکان (قەزا) لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا

بێگومان دروستکردنی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بۆ خزمەتکردنی رووبەرە جوگرافییە جیاوازەکانە، بۆیە تاوەکو رووبەرێکی جوگرافی گەورەتر بێت پێویستە ئەم خزمەتگوزارییە زیاتر هەبێت لە ناوچە جیاوازەکانیدا، یەکە کارگێڕییەکان بریتین لە سێ قەزا بۆ ئەم مەبەستە پشتمان بەستووە بەرووبەری قەزاکان، کۆی درێژی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بریتییە لە (1357)کم، لە کاتێکدا روبەری ئیدارەکە (6058.07)کم چوارگۆشەیە، کەواتە چڕی گشتی ڕێگای ئۆتۆمبێل لە ناوچەکەدا بەپێی روبەرەکەی (22.6)کم ڕێگایە بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە. ئەمە بەپێی شێوازی ڕێگاکان دەگۆڕێت چڕترین ڕێگا لەجۆری ڕێگای کشتوکاڵیە بەچڕی (13.8)کم ڕێگایە بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە بە پلەی دووەم ڕێگای لاوەکییە بە چڕی (5.5)کم ڕێگایە بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە وە بە پلەی سێیەم ڕێگای سەرەکییە بەچڕی (3.3)کم ڕێگایە بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە. خشتەی (4).

چڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل جیاوازییەکی ئەو تۆی نییە لە نێوان قەزاکاندا، زۆرترین چڕی لە قەزای خانەقینە بە چڕی (24.6کم/100کم$^2$)، بەپلەی دووەم قەزای کەلار دێت بە چڕی (23.2کم/100کم$^2$)، و بەپلەی سێیەم قەزای کفری دێت بە چڕی (21.1کم/100کم$^2$). ئەمەش هاوسەنگی وەرگرتووە بەپێی رووبەری قەزاکان. سەبارەت بەشێوازی دابەشبوونی جوگرافی چڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەپێی شێوازی ڕێگاکان جیاوازی دەبینین لە نێوان قەزاکاندا بەم شێوەیە:

1-چڕترین ڕێگای سەرەکی لە قەزای کەلارە لە کۆی قەزاکانی ئیدارەکە کە چڕییەکەی (5.2)کم بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە، بە پلەی دووەم قەزای خانەقین دێت چڕییەکەی (3.5)کم بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە، بەپلەی سێیەم قەزای کفری دێت چڕییەکەی (2)کم بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە.

2-چڕترین ڕێگای لاوەکی لە قەزای خانەقینە لە کۆی قەزاکانی ئیدارەکە کە چڕییەکەی (10)کم بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە، بە پلەی دووەم قەزای کفری دێت چڕییەکەی (5.3)کم بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە، بەپلەی سێیەم قەزای کەلار دێت چڕییەکەی (1.9)کم بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە.

3- چڕترین ڕێگای کشتوکاڵی لە قەزای کەلارە لە کۆی قەزاکانی ئیدارەکە کە چڕییەکەی (16.1)کم بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە، بە پلەی دووەم قەزای کفری دێت چڕییەکەی (13.8)کم بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە، بەپلەی سێیەم قەزای خانەقین دێت چڕییەکەی (11.1)کم بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە.

خشتەی (4) چڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ئیدارەی گەرمیان بەپێی رووبەری یەکە کارگێڕییەکان (قەزا) ساڵی 2023

(*)ئەم قەزایە خۆی پێکدێت لە پێنج ناحیە کە ناوەندی قەزای خانەقین و سەعدییە و جەلەولا ناکەوێتە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەکەمان بە هۆی ئەوەی ئەم ناحیەیە لە سنوری ناوچە کێشە لەسەرەکانە.

| قەزا | روبەر (کم$^2$) | درێژی ڕێگا (کم) | | | | چڕی ڕێگا کم/(100)کم$^2$ی رووبەر | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەکی | لاوەکی | کشتوکاڵی | کۆ | سەرەکی | لاوەکی | کشتوکاڵی | کۆ |
| کەلار | 1703.9 | 87 | 32 | 272 | 391 | 5.2 | 1.9 | 16.1 | 23.2 |
| کفری | 2896.9 | 60 | 152 | 398 | 610 | 2 | 5.3 | 13.8 | 21.1 |
| خانەقین | 1457.27 | 51 | 145 | 160 | 356 | 3.5 | 10 | 11.1 | 24.6 |
| سەرجەم | 6058.07 | 198 | 329 | 830 | 1357 | 3.3 | 5.5 | 13.8 | 22.6 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: نەخشەی (3). بە پشت بەستن بە بەرنامەیARC MAP GIS10.8.

چڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل = کۆی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل / روبەری یەکە کارگێڕییەکان × 100

سەرچاوە: بشار محمد عويد القيسي، طرق النقل البري في محافظة كربلاء (دراسة في جغرافية النقل)، رسالة ماجستر(غير منشورة)، كلية الآداب، جامعة بغداد، 2006، ص102.

## باسی چوارەم: دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەپێی ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکان (قەزا) لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا

پەیوەندییەکی دوو لایەنە هەیە لە نێوان ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل و ژمارەی دانیشتواندا لە هەر شوێنێك ڕێگای ئۆتۆمبێل هەبێت دانیشتوان ڕودەکەنە ئەو ناوچەیە هەروەها دانیشتوان لەکوێ کۆببنەوە ڕێگای ئۆتۆمبێل دەبرێت بۆ ئەو ناوچەیە. بۆ ئەم مەبەستە لەم باسەدا دەمانەوێت بزانین ئەو هاوسەنگیە ڕاگیراوە لە نێوان قەزا جیاوازەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

بەبەراوردکردنی ژمارەی دانیشتوان بە درێژی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل، چڕی گشتی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ئیدارەکەدا (4.1)کم ڕێگایە بۆ (1000)کەس لە کاتێکدا ئەم چڕییە دەگۆڕێت بەپێی شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، ڕێگای سەرەکی چڕیەکەی (0.6)کم بۆ (1000)کەس و ڕێگای لاوەکی چڕیەکەی (1)کم بۆ (1000)کەس و ڕێگای کشتوکاڵی چڕیەکەی (2.5)کم بۆ (1000)کەس.

ئەم چڕییەش جیاوازە بۆ هەموو شێوازە جۆراوجۆرەکان بەپێی قەزاکان بەم شێوەیە:

1-چڕترین ڕێگای سەرەکی لە قەزای خانەقین لە کۆی قەزاکانی ئیدارەکە کە چڕییەکەی (2.9)کم بۆ هەر (1000)کەس، بە پلەی دووەم قەزای کفری دێت چڕییەکەی (0.9)کم بۆ هەر (1000)کەس، بەپلەی سێیەم قەزای کەلار دێت چڕییەکەی (0.36)کم بۆ هەر (1000)کەس.

2- چڕترین ڕێگای لاوەکی لە قەزای خانەقین لە کۆی قەزاکانی ئیدارەکە کە چڕییەکەی (8.2)کم بۆ هەر (1000)کەس، بە پلەی دووەم قەزای کفری دێت چڕییەکەی (2.2)کم بۆ هەر (1000)کەس، بەپلەی سێیەم قەزای کەلار دێت چڕییەکەی (0.14)کم بۆ هەر (1000)کەس.

3- چڕترین ڕێگای سەرەکی لە قەزای خانەقین لە کۆی قەزاکانی ئیدارەکە کە چڕییەکەی (9)کم بۆ هەر (1000)کەس، بە پلەی دووەم قەزای کفری دێت چڕییەکەی (5.9)کم بۆ هەر (1000)کەس، بەپلەی سێیەم قەزای کەلار دێت چڕییەکەی (1.1)کم بۆ هەر (1000)کەس.

ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی دابەشبوونی ژمارەی دانیشتوان لە قەزا جیاوازەکان کە زۆرترین ژمارە لە قەزای کەلارە کە سەنتەری ئیدارەکەیە ئەمە جگە لەوەی بوەتە سەنتەری ئابووری ناوچەکە. خشتەی (5).

خشتەی (5) چڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ئیدارەی گەرمیان بەپێی دانیشتوان یەکە کارگێڕییەکان (قەزا) ساڵی 2023

| قەزا | ژمارەی دانیشتوان | درێژی ڕێگا (کم) | | | | چڕی ڕێگا کم/(100)کم$^2$ی رووبەر | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەکی | لاوەکی | کشتوکاڵی | کۆ | سەرەکی | لاوەکی | کشتوکاڵی | کۆ |
| کەلار | 245504 | 87 | 32 | 272 | 391 | 0.36 | 0.14 | 1.1 | 1.6 |
| کفری | 67413 | 60 | 152 | 398 | 610 | 0.9 | 2.2 | 5.9 | 9 |
| خانەقین | 17613 | 51 | 145 | 160 | 356 | 2.9 | 8.2 | 9 | 20.1 |
| سەرجەم | 330530 | 198 | 329 | 830 | 1357 | 0.6 | 1 | 2.5 | 4.1 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: نەخشەی (3).

## باسی پێنجەم: دابەشبوونی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەپێی تۆبۆگرافیا

تۆبۆگرافیا بەشێوەیەکی دوولایەنە کاردەکاتە سەر ڕێگاکانی گواستنەوە یەکەمیان ناڕاستەوخۆیە کاردەکات سەر سەرجەم چالاکییە مرۆییە جیاوازەکان ئەمەش جارێکی تر کار دەکەنەوە سەر ڕێگاکانی گواستنەوە، دووەمیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆیە ڕێگاکێی گواستنەوە لەو ناوچانەدا زیاتر درێژدەبنەوە کە دەشتاین و بەپێچەوانەوە ناوچە سەختەکان دەبنە ڕێگر لەبەردەم درێژبوونەوەی ڕێگاکاندا. بەهۆی کاریگەری تۆبۆگرافیاوە ناوچەی توێژینەوەمان دابەشکردووە بەسەر چوار بەری جیاوازدا تاوەك بزانین کاریگەری بەرزی چییە لەسەر ڕێگاوبان لە ناوچەکەدا، خشتەی (6):

1-پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان چڕی ڕێگاکان و بەرزونزمی ناوچەکەدا ناوچەی بەرزی (118-200) کەنزمترین شوێنی ناوچەکەیە زۆرترین ڕێگای تیادایە بەچڕی (27.7)کم/100کم$^2$، بەپلەی دووەم ناوچەی بەرزی (200.1-500) کە دووەم نزمترین شوێنی ناوچەکەیە بەپلەی دووەم ڕێگای تیادایە بەچڕی (26)کم/100کم$^2$، ناوچەی بەرزی (500.1-1000) کە سێیەم بەرزی هەیە لە ناوچەکەیە هەروەها سێیەم چڕی ڕێگای تیادایە بەچڕی (15.9)کم/100کم$^2$، ناوچەی بەرزی (1000-1828) کە بەرزترین شوێنی ناوچەکەیە کەمترین ڕێگای تیادایە بەچڕی (5.8)کم/100کم$^2$.

2-سەبارەت بە دابەشبوونی جوگرافی شێوازە جۆربەجۆرەکانی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەپێی ناوچە تۆپۆگرافییە جیاوازەکان بەم شێوەیە:

أ-ڕێگای سەرەکی زۆرترین بڕی لە ناوچەی (118-200)دایە بە پلەی دووەم لە ناوچەی (200.1-500)دایە هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل هەمیشە بەو ناوچانەدا دەڕۆن کەکەمترین سەختی هەیە. هەردوو ناوچەکەی تر ئەم جۆرە ڕێگایەی تیادا نییە.

ب-ڕێگای لاوەکی لە ناوچەی (118-200)دا نابینرێت و لە هەرسێ ناوچەکەی تردا پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی هەیە تاوەکو ناوچەکان بەرزتربن کەمترین چڕی ڕێگای تایادا دەبینرێت.


ج-ڕێگای کشتوکاڵیش بەهەمان شێوەیە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی هەیە لە چڕی ڕێگا بەپێی تۆپۆگرافیا.

خشتەی (6) چڕی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەپێی ڕوبەری ناوچە تۆپۆگرافیەکان لە ئیدارەی گەرمیان

| بەرزی | ڕووبەر | درێژی ڕێگا (کم) | | | | چڕی ڕێگا کم/(100)کم$^2$ی ڕووبەر | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەکی | لاوەکی | کشتوکاڵی | کۆ | سەرەکی | لاوەکی | کشتوکاڵی | کۆ |
| 118-200 | 512.6 | 33 | 0 | 105 | 138 | 6.6 | 0 | 21 | 27.7 |
| 200.01-500 | 3614.03 | 165 | 226 | 545 | 936 | 4.6 | 6.3 | 15.1 | 26 |
| 500.01-1000 | 1729.5 | 0 | 96 | 176 | 272 | 0 | 5.6 | 10.3 | 15.9 |
| 1000.01-1828 | 201.04 | 0 | 7 | 4 | 11 | 0 | 3,7 | 2.1 | 5.8 |
| کۆ | 6058.07 | 198 | 329 | 830 | 1357 | 3.3 | 5.5 | 13.8 | 22.6 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: نەخشەی (4).

نەخشەی (4) جۆرەکانی ڕێگای ئۆتۆمبێل لە ئیدارەی گەرمیان بەپێی تۆپۆگرافیا




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بە: حکومەتی هرێمی کوردستان،وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی سلێمانی، بەشی GIS ، داتای بڵاونەکراوە.

## دەرئەنجام:

1-ئیدارەی گەرمیان، کە ئیدارەیەکی سەربەخۆیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەم ئیدارەی پیکهاتووە لە سێ قەزا ئەوانیش (کفری و کەلار و خانەقین) لە (11) ناحیە پێکهاتووە، ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵی 2023ی بریتییە لە (330530)کەس و ڕوبەری ناوچەکە (6000.1)کم چوارگۆشەیە.

2- ڕێگای ئۆتۆمبێل لە ئیدارەکەدا بەپێی شێوازەکانیان دابەشدەبێت، کۆی درێژی ڕێگای ئۆتۆمبێل لە جۆری ڕێگای سەرەکی (198)کم و کۆی درێژی ڕێگای ئۆتۆمبێل لە جۆری ڕێگای لاوەکی (329)کم و کۆی درێژی ڕێگای ئۆتۆمبێل لە جۆری ڕێگای کشتوکاڵی (830)کم.

3-چڕی گشتی ڕێگای ئۆتۆمبێل لە ناوچەکەدا بەپێی ڕووبەرەکەی (22.6)کم ڕێگایە بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە. ئەمە بەپێی شێوازی ڕێگاکان دەگۆڕێت چڕترین ڕێگا لەجۆری ڕێگای کشتوکاڵیە بەچڕی (13.8)کم ڕێگایە بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە بە پلەی دووەم ڕێگای لاوەکییە بە چڕی (5.5)کم ڕێگایە بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە وە بە پلەی سێیەم ڕێگای سەرەکییە بەچڕی (3.3)کم ڕێگایە بۆ هەر (100)کم چوارگۆشە.

4- چڕی گشتی ڕیگاکانی ئۆتۆمبێل بەپێی ژمارەی دانیشتوان لە ئیدارەکەدا (4.1)کم ڕێگایە بۆ (1000)کەس لە کاتێکدا ئەم چڕییە دەگۆڕێت بەپێی شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، ڕێگای سەرەکی چڕیەکەی (0.6)کم بۆ (1000)کەس و ڕێگای لاوەکی چڕیەکەی (1)کم بۆ (1000)کەس و ڕێگای کشتوکاڵی چڕیەکەی (2.5)کم بۆ (1000)کەس.

5- پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان چڕی ڕێگاکان و بەرزونزمی ناوچەکەدا ناوچەی بەرزی (118-200) کەنزمترین شوێنی ناوچەکەیە زۆرترین ڕێگای تیادایە بەچڕی (27.7)کم/100کم$^2$، بەپلەی دووەم ناوچەی بەرزی (200.1-500) کە دووەم نزمترین شوێنی ناوچەکەیە بەپلەی دووەم ڕێگای تیادایە بەچڕی (26)کم/100کم$^2$، ناوچەی بەرزی (500.1-1000) کە سێیەم بەرزی هەیە لە ناوچەکەیە هەروەها سێیەم چڕی ڕێگای تیادایە بەچڕی (15.9)کم/100کم$^2$، ناوچەی بەرزی (1000-1828) کە بەرزترین شوێنی ناوچەکەیە کەمترین ڕێگای تیادایە بەچڕی (5.8)کم/100کم$^2$.

## پێشنیارەکان:

1-ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بەگشتی و ڕێگا سەرەکییەکان بەتایبەتی بەشێوازی ستانداری عێراق گۆڕانکاری تیادا بکرێت.

2-زیادکردنی ژمارەی ڕێگا سەرەکی و ڕێگا لاوەکییەکان بۆ ئەوەی دانیشتوان بەئاسانی بگەنە ناوچە جیاوازەکانی ئیدارەکە.

3-لە کاتی دروستکردنی ڕێگادا ڕەچاوی ژمارەی دانیشتوان بکرێت چونکە جیاوازییەکی زۆر دەبینرێت لە نێوان بەشە جیاوازەکانی ئیدارەکە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە.

## سەرچاوەکان:


1-مخمد قادر کۆیخا صادق، شیکردنەوەی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە قەزای کۆیە، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی جوگرافیا، 2008.

2-هشام صلاح محسين البياتي، النقل في محافظة واسط واثره في التنمية الآقليمية، رسالة ماجستر، جامعة مستنصرية، كلية الآداب، قسم الجغرافية، 2002،

3- حکومەتی هرێمی کوردستان،وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی سلێمانی، بەشی GIS ، داتای بڵاونەکراوە.

4- احمد صالح عبدالله، أثر الطرق البرية في نمو المستوطنات في محافظة نينوى، رسالة ماجستر، جامعة بغداد، كلية التربية، قسم جغرافية، 1988.

5- هەرێمي كوردستاني عێراق، وەزارەتي ئلاندانان، دەستەي ئاماري هەرێم، ڕاپۆرتي ئاماري ذمارەي دانيشتواني سەرجەم ئاريزطا و قەزاكاني هەرێمي كوردستان بەثێي مەزەنديي ساڵي ٢٠٠٩ داتاي بلآوكراوە.